# پرۆژە

# یاسای قەدەغەکردنی پیادەکردن و رەفتاری پێشێلکار بۆ مۆرال رەوشتەکانی پیشە بۆ پیشە پزیشکی و تەندروستیەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

# ژمارە ( )ی ساڵی ٢٠١٥

**ماددەی یەکەم: پێناسەکان**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق و هەر وەزارەتێکی دیکە کەوا پزیشك کارمەند بێت لە یەکێك لە فەرمانگەکانی.

سێیەم: وەزیر: وەزیری تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

چوارەم: سەندیکا: سەندیکای پزیشکان و پزیشکان ددان و دەرمانسازان و خاوەن پیشە پزیشکی و تەندروستییەکانی دیکە.

پێنجەم: پزیشك: دەرچووی کۆلێژەکانی پزیشکی لە هەرێم یان عێراقی یان بیانی لە پزیشکە مرۆییەکان و پزیشکانی ددان و لە هەرێمدا کار دەکات.

شەشەم: دەرمانساز: دەرچووی کۆلێژەکانی دەرمانسازی لە هەرێم یان عێراقی یان بیانی و لە هەرێمدا کار دەکات.

حەوتەم: ئەنجومەنی پزیشکی: ئەو ئەنجومەنەی پێکهێنراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنی رەفتاری پزیشکی و رەوشتەکانی پیشەو هاوبەشی نارەواو دیارکردنیان.

هەشتەم: ئەندام: هەر پزیشك یان دەرمانساز یان خاوەن کۆگایەکی داودەرمان یان تاقیگەی شیکردنەوەی نەخۆشییەکان یان نۆرینگەی تیشك یان خاوەن پیشە تەندروستیەکان کەوا لە کەرتی حکومی یان تایبەت کارمەندن.

نۆیەم: خاوەن پیشە تەندروستیەکان: هەر کەسێك یەکێك لە پیشە تەندروستیە یاریدەدەرەکانی پیشەی پزیشکی کە لە پێڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٦٢ی هەموار کراودا باسکراون بکاتە پیشە، و هەر کەسێك ببێتە خاوەن پیشەیەکی تەندروستی بە بەیانێکی وەزیر کە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوبکرێتەوە.

دەیەم: بڕوانامەی تۆمارکردن: بڕوانامەی تۆمارکردن و مۆڵەتی پیادەکردنی پیشە لە سەندیکا پەیوەندارەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە بەسەر گشت پزیشکە مرۆییەکان لە سەرجەم پسپۆڕییەکان و دەرمانسازان و خاوەنی کۆگەکانی داودەرمان و تاقیگەکانی شیکردنەوەی نەخۆشییەکان و نۆرینگەکانی تیشك و خاوەن پیشە تەندروستیەکان لەوانەی لە هەردوو کەرتی حکومی و تایبەت کارمەندن، پیادە دەکرێت.

**ماددەی سێیەم:**

پزیشك و دەرمانساز بۆیان نیە پیشەکەیان پیادە بکەن پێش وەرگرتنی بڕوانامەی تۆمارکردن و مۆڵەتی پیادەکردنی پیشە لەو لایەنانەی پەیوەندارن.

**ماددەی چوارەم:**

یەکەم: خاوەن پیشە تەندروستیەکان بۆیان نیە پیشەکەیان پیادە بکەن پێش وەرگرتنی بڕوانامەی تۆمارکردن و مۆڵەتی پیادەکردنی پیشە لەو لایەنانەی پەیوەندارن.

دووەم: نابێت خاوەن پیشە تەندروستیەکان هیچ سیفەتێك بەکاربهێنن جگە لەو سیفەتەی بەپێی پێڕەوی پیادەکردنی پیشە تەندروستیەکانی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٦٢ی هەموارکراودا بۆیان بڕیاردراوە، هەروەها بۆیان نیە راچێتەی چارەسەرییەك بنووسن یان راپۆرتێکی پزیشکی ببەخشن.

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: ئەندامی مۆڵەتدراو بۆی نیە زیاتر لە یەك نۆرینگە لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە.

دووەم: ئەندام نازناوی پسپۆڕی لە هیچ لقێك لە لقەکانی پزیشکی وەرناگرێت تا ئەم نازناوە بەپێی یاسا وەرنەگرێت و بە بڕیاری سەندیکای پەیوەندار ئەمە تۆمار بکرێت.

سێیەم: نابێت نۆرینگەیەکی تایبەت یان نۆرینگەیەکی برینپێچی رۆژانە یان نەخۆشخانەیەکی ئەهلی یان کۆمەڵگەیەکی پزیشکی تایبەت یان هەرەوەزی یان تاقیگەیەکی ئەهلی یان نۆرینگەکانی تیشك بە گشت جۆرەکانیانەوە بکرێنەوە پێش وەرگرتنی رەزامەندی سەندیکای پەیوەندار لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: پێویستە لەسەر ئەندام پارێزگاری بکات لە ئابڕوی پیشە یان وەزیفەو دووربکەوێتەوە لەهەر شتێك کەوا بەهەر شێوەیەك بێت سوکایەتیان پێ بکات.

دووەم: پێویستە لەسەر ئەندام دووربکەوێتەوە لە سەرجەم شێوەکانی ئیستغلال کردنی نەخۆش یان هامشۆکار.

سێیەم: قەدەغەیە لەسەر پزیشکان و خاوەن پیشە تەندروستیەکان بانگەشە بکەن بۆ هەر پزیشکێك یان دەرمانخانەیەك یان تاقیگەیەکی شیکردنەوەی نەخۆشیەکان یان نۆرینگەی تیشك لە کاتی هامشۆکردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکان یان نۆرینگە حکومیەکان.

**ماددەی حەوتەم:**

هاوبەشی و ڕێککەوتنی ژێربەژێرو نایاسایی پزیشکان یان کادیرە تەندروستیەکان لەوانەی کارمەندن لە نۆرینگە تایبەتەکان لەگەڵ خاوەن دەرمانخانەکان و کۆگەکانی داودەرمان و تاقیگەکانی شیکردنەوەی نەخۆشیەکان و نۆرینگەکانی تیشك بە گشت جۆرەکانیەوە (تیشکی ئێکس، سۆنەر، سی تی سکان، لەرەلەری موگناتیسی و هیتر)و بنکەکانی چارەسەری سروشتی و هی دیکە کە لەوانەیە ببێتە هۆی گەیاندنی زیاتی ماددی یان جەستەیی بە نەخۆش بەشێوەیەکی بنبڕ قەدەغە دەکرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە یاسا بەرکارەکان لە هەرێمدا دەقی لەسەر بکەن، ئەم کردەوانەی دادێن بەبەندکردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە شەش مانگ زیاتر نەبێت و بەغەرامەیەك لە سێ ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت و لە شەش ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت:

١. گرێدانی ڕێککەوتنی هاوبەشی نارەوا لە نێوان پزیشکان و دەرمانسازان و خاوەن کۆگەکانی داودەرمان و تاقیگەکانی شیکردنەوەی نەخۆشیەکان و نۆرینگەکانی تیشك بە گشت جۆرەکانیانەوەو بنکەکانی چارەسەری سروشتی، هەر چۆنێك بێت، بەو شێوەیەی دەبێتە هۆی رەوانەکردنی نەخۆش بۆ ئەم دەرمانخانەیە یان تاقیگەیە جگە لە هی دیکە یان دووچارکردنی نەخۆش بۆ پشکنین یان تیشکی ناپێویست کەوا زیانی ماددی یان جەستەیی پیّ بگەینێت، بەرامبەر سوود وەرگرتنی ماددی یان مەعنەوی پزیشك لەم ڕێککەوتننانە.

٢. وەرگرتنی پزیشك بۆ نێوانکارییانە لە دەرمانخانەو خاوەنی تاقیگەکانی شیکردنەوەی نەخۆشیەکان و نۆرینگەکانی تیشك بە گشت جۆرەکانیەوە بەرامبەر بە ئاراستەکردنی نەخۆش بۆیان.

٣. هەڵسانی کۆمپانیا یان کۆگەی داودەرمانی کارگوزار لە کوردستان یان لە عێراق بە ناردنی نوێنەرەکانیان بۆ نۆرینگەکانی پزیشکان و خستنەرووی داودەرمانی کۆمپانیاکانیان یان کۆگەی داودەرمانەکانیان بەرامبەر ڕێککەوتنێکی دیارکراو کە لەوانەیە پزیشك دەرمانی سەربار سەرف بکات کەوا نەخۆش پێویستی پیّ نیە.

٤. هەڵسانی پزیشك بەنووسینی راچێتەی دەرمان بەشێوەیەکی جەفرەکراو یان ناچارکردنی نەخۆش لەسەر کڕینی دەرمان لە دەرمانخانەیەك کەوا خودی پزیشکەکە دیاری دەکات.

دووەم: ئەو کردەوانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون بە تاوانی ئابروبڕ دادەندرێن، و دادگا بۆی هەیە فەرمان بکات بە ڕێگەنەدانی پیادەکردنی پیشە لە لایەن ئەنجامدەرانی بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر نەبێت.

**ماددەی نۆیەم:**

سەرجەم ڕاچێتە پزیشکیەکان تەنها بەناوی زانستی دەرمانە وەسفکراوە دەنووسرێن و گشت ڕاچێتە پزیشکیەکان لە نۆرینگە تایبەتەکانی پزیشکان بە چاپکراوی دەردەکرێن نەوەك بەدەست نووسراو.

**ماددەی دەیەم:**

دەرمانسازان بۆیان نیە کەسانێك لە دەرمانخانە بکەنە هاوبەش جگە لەو دەرمانسازانەی ئەندامن لە سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**ماددەی یازدەم:**

پزیشك بۆی نیە زیاتر لە (٢٥) بیست و پێنج نەخۆش لە نۆرینگە تایبەتەکان لە یەك ڕۆژدا پێشوازی بکات، و نابێت لە هەمان کاتدا زیاتر لە یەك نەخۆش بخرێتە ژووری پزیشك.

**ماددەی دوازدەم:**

جگە لەوەی لەم یاسایەدا دەقێکی تایبەتی لەسەر هاتووە، سەرپێچیکاری حوکمەکانی بەبەندکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت و بەغەرامەیەك لە چوار ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە حەوت ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

**ماددەی سێزدەم:**

دەکرێت ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتوون بە گشت ڕێگەکانی سەلماندن بسەلمێندرێن.

**ماددەی چواردەم:**

یەکەم: لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم ئەنجومەنێکی پزیشکی بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنرێت:

١. سەرۆکی لقی سەندیکا لە پارێزگا – سەرۆك.

٢. نوێنەرێکی وەزارەتی تەندروستی (لە پزیشکە پسپۆڕەکان و ڕاژەکەی لە دوای پسپۆڕی لە ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت) – ئەندام.

٣. نوێنەرێکی کۆلێژی پزیشکی لە پارێزگا (لە پزیشکە پسپۆڕەکان و نازناوی زانستی لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێت) – ئەندام.

٤. چوار پزیشکی پسپۆڕ کە لە لایەن ئەنجومەنی سەندیکایەوە کاندید دەکرێن – ئەندام.

٥. نوێنەرێکی یاسایی لە وەزارەتی تەندروستی یان سەرۆکایەتی تەندروستی پارێزگا – ئەندام.

دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە ڕاوێژ بە هەر پسپۆڕێك بکات بۆ پشت بەستن بە شارەزاییەکەی ئەگەر ئەمە بە پێویست بزانێت.

**ماددەی پازدەم:**

یەکەم: ئەنجومەنی پزیشکی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەو سکالایەی دژ بە پزیشك یان دەرمانساز یان هەر کەسێکی خاوەن پیشە تەندروستیەکان پێشکەش کراوە بەهۆی پێشێلکردنی بۆ مۆراڵەکانی پیشەو رەفتاری پیشەیی لەکاتی پیادەکردنی پیشە لە دامەزراوە تەندروستیە حکومیەکان یان تایبەتەکان، لە ئەستۆ دەگرێت، و لەسەر ئەو سکالایەی پێشکەشی ئەنجومەن کراوە لە لایەن هەر تاکێك، و لێکۆڵینەوەش بەپێی ئەو رێکارانە ئەنجام دەدرێت کە لە یاسا پەیوەندارەکاندا دەقیان لەسەر کراوە.

دووەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەن ئەندامی داواکاری گشتی بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوە بانگهێشت بکات.

سێیەم: ئەگەر ئەنجومەن لەدوای لێکۆڵینەوە بۆی دەرکەوت کەوا سکالایەکە جدی نیە ئەوا بڕیار دەدات بە داخستنی لێکۆڵینەوەو پاراستنی پەڕاوەکان.

چوارەم: ئەگەر ئەنجومەن بۆی دەرکەوت کەوا ئەو کردەوەیەی دراوەتەپاڵ سکالالێکراو دەبێتە پێشێلکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەوا پێویستە لەسەری داوا لە داواکاری گشتی بکات دەعوای تاوانکاریی دەرهەق بە سکالالێکراو بجولێنێت.

پێنجەم: ئەوەی لە برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە پێشنیازکردنی ئەنجومەن بۆ ئاراستەکردنی سزای بەرزەفتەیی دەرهەق بە سەرپێچیکار بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمدا پێشێل ناکات ئەگەر لە کارمەندانی کەرتی حکومی بێت.

شەشەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەن کۆپیەك لە بڕیارەکانی بداتە سکالالێکراوو هەروەها ئەو لایەنەی کەسی سکالالێکراو سەر بەوە.

**ماددەی شازدەم:**

جگە لە برگەی (یەکەم)ی ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایە کار بەهیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانیدا ناکۆك بێت.

**ماددەی حەڤدەم:**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی هەژدەم:**

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیە پێویستەکارەکان

لەم ماوانەی دواییدا رەفتاری گومانلێکراو جێگەی داخی زۆر لە ناوەندە پزیشکی و تەندروستیەکاندا پەیدا بوون کە لەگەڵ رەوشتەکانی پیشەو بەشی پزیشکی ناگونجێن، و رەنگدانەوەی نەرێیان هەبووە لەسەر نەخۆش لە هەردوو رووی جەستەیی و

مادديدا، هەروەها لە گرنگی پیشەی پزیشكی و پیشە تەندروستیەكانی دیكەی كەمكردۆتەوەو زیانی گەیاندووە بە متمانەو راستگۆیی لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگەو ناوەندە پزیشكیەكاندا، و لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە دیاردە خراپانەو چارەسەركردنی حوكمەكانی بەرپرسێتی پیشەیی پزیشكان و خاوەن پیشە تەندروستیەكان و دەسنیشانكردنی حاڵەتەكانی پێشێلكردنی مۆڕاڵەكانی پیشەو رەفتاری پزیشكی بە ووردی لە لایەن ئەنجومەنی پزیشكی تایبەتمەندەوە، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.